### "وحدت قومی کرد و ماد"

ئەوە ناوی کتێبێکی بەنرخە مامۆستای بەڕێزم جەنابی حەبیبوڵڵا تابانی نووسیویەتی.

**گرنگایەتی کتێبەکە لەوەدایە ـ کە نووسەر کوردستانی وەک دیاردەیەکی سەربەخۆ سەیر کردوە، نەک بەشێک لەم وڵات و ئەو وڵات، کە زۆربەی مێژوونووسان وایان بینیوە (لاپەڕە13)** و چوارچێوەی جوغرافیایی بۆ دابین کردوە (لاپەڕە 21 بەدواوە).

نووسەر، کە پێشتریش چەند کتێبی لەسەر مێژوو و جوغرافیای کوردستان نووسیوە یا تەرجەمەی کردوە، کەڵکی لە گەلێک سەرچاوەی فارسی و کوردی وەرگرتووە بۆ ئەوەی "یەکیەتی قەومی کورد و ماد" بە بەڵگە دەربخات، گەرچی لەم بوارەدا جیاوازی لە نێوان قەوم و نەتەوە دانەناوە و بە داخەوە کوردی لە زۆربەی لاپەڕەکاندا بە "قەوم" ناوبردە کردوە.

نووسین سەبارەت بە ناوەڕۆکی کتێبەکە کاری زیاتری پێویستە و لەم زنجیرە وتارەدا گونجاو نابێت. بەڵام ئەو بابەتانەی وا بەشێوەیەک لە شێوەکان "بۆکان و ناوچەکەی" بگرنەوە زۆرن – بۆ نموونە، هەرچییەک لەسەر ماننا‌کان نووسرابێت (فەسڵی 3، دەوڵەتی ماننا، لاپەڕە 137 بەدواوە و زۆر لاپەڕەی تریش)، بۆکان دەگرنەوە. بەهەمان شێوە باس کردن لە مادیش- کە بۆکان بەشێک بووە لە خاکی مادی بچووک، هەر پەیوەندی بە بۆکان پەیدا دەکات.

لە هەندێ لاپەڕەی دیکەش دا یا ڕاستەوخۆ ناوی بۆکان هاتوە و یا باسی دراوسێکانی – وەک سەقز و میاندواو و زێویە و فەقرەقا کراوە. ئەوەش ژمارەی لاپەڕەکان :
24، 28، 38، 40، 45، 100، 120، 128، 131، 134، 135، 137، 138، 139، 144، 148، 150، 158، 166، 169، 170، 175، 207، 208، 219، 230، 232، 244، 246

من ئەم یادداشتە کورتەم لەسەر بنەمای دەقی سەرەکی فارسی کتێبەکە نووسیوە، بەڵام ڕێزدار جەلیل گادانی کتێبەکەی وەرگێڕاوەتە سەر کوردی و هەر ئێستا لە سەر ئەم ماڵپەڕە دەبینرێت.

حبیب اللّه تابانی، *"وحدت قومی کرد و ماد، منشاء نژاد، تاریخ تمدن کردستان"* ، نشر کسترده، تهران، 1380[2001]، 530 لاپەڕە ، فارسی.